www.kurdistannet.org
16-2-2003 1:55

# تۆرانییەکان لە سلێمانی مەترسییەکی گەورەن

(بەشی سێیەم)

بۆ خوێندنەوە بە شەکانی تر ئێرە كليك بكە

کەمال جەمال موختار

هەفتەیەک زیاتر بوو نامە و پارەی ئاسیاوێکم لە گیرفاندا خەواندبوو، دەبوایە بمگەیاندایەتە جێ، بە هۆی پرسە و کاری دیکەوە مۆڵەتی ئەوەم نەبوو کارەکە بەجێ بهێنم. ناچار ڕۆژێکم بۆ تەرخانکرد و، بە تەلەفون کات و شوێنمان بۆ دانا. بەرەو گەڕەکی چواریاخ تلبوومەوە، خۆم کرد بە دوکانی ئەو ئاسیاوەدا کە لەوێ دەبوایە ڕاسپاردەکەی بدەمێ. دوای ئەوە دانیشتم و کۆڕ گەرم کرا. یەکێک لەوانە کە تەمەنی لە سەرو 75 ساڵ دەبوو، ئەمەی گێڕایەوە:

(شێخ مەحمودی نەمر کاتێک تێک دەشکێت و بە بریندار دەکەوێتە دەست دوژمنان، داواچاریش لە کوردستان دووردەخرێتەوە. ئینگلیزەکان دێنە سلێمانی و چەند خۆفرۆش و جاشێک ڕادەسپێرن تا بچن ماڵی شێخ مەحمود و سامانی حەفید و شێخان لە (داریکەلی) بە تاڵانی بۆ خۆیان بەرن. ئەوانیش کارەکە بەجێ دەهێنن و گسکی تەواو لە (داریکەلی) دەدەن، هیچی تیادا ناهێڵنەوە، سەگێکی بەوەفا نەبێت کە ئەویش لە نیوەی ڕێگا هەڵدێت و دەگەڕێتەوە بۆ داریکەلی.) درێژەی بە قسەکەی دا:

(کەچی ئافەرین ئەوە دوانزە ساڵە ئەمانە حوکمی سلێمانی دەکەن، ئەوەندە بێ (شەهامەت) ن **(1)**، گسکیان لە ماڵ و خانوو و زەوی سلێمانی، هەتا لە شەرەف و ناموسیشمان داوە، کەچی یەکێکی بە وەفایان تیادا هەڵنەکەوت لە نیوەی ڕێگادا بگەڕێتەوە و، بێتە بەرەی میللەت!. هەموو خەریکی پارە. . . خانووبەرە و زەوی کڕین. . . ڕابواردن. . . خواردن و خواردنەوە و سمێڵ ڕەشکردنەوەن **(2)**. مەسەلەی کوردیان وا شڕکرد، لا تەنکەکەشیان داوەتە دەست تورکمانەکان. بۆ کورد خۆی حاڵی تەواوە، وا ئەم گیروگرفتەشیان خستە سەری؟ ئەمانە ئەگەر خاین و پیاوی تورکیا نین ئەی چین؟. . . . فەرمو ئەو عەشایرە عەرەبانەی هاتوونەتە ناوچەی (شوان) ەوە، هەموو مۆڵەتنامە (سماح) ی مام جەلالیان لە گیرفاندایە، سەرکردەی هیچ میللەتێکتان دیووە هێندە خاین بێت، خاکی خۆی بە داگیرکەر بفرۆشێت!؟ ئا ئەگەر ئازایت فەرمو ئەمەی من بنووسە!)

**********

بەیارمەتی میتی تورکی، کە زۆربەیان لەو کۆمپانیا تورکییانەی لە کوردستاندا هەن، وەک کۆمپانیای (Istikbal) ی تورکی، تورکمانەکان یارمەتییەکی تەواو دەدرێن .ئەوانیش زۆر بە وریاییانەوە هەوڵدەدەن بچنە ناو کوردە تورکمانیزانەکانەوە و خۆیانیان پێ دەناسێنن. تا سەردەمێک ئەمە بۆ ئەوان لە کفری و هەولێر هاسانتر و لە بارتربوو، بەڵام ئەو ئاسانکارییەی یەکێتی نیشتیمانی بە ناوی دروشمی دیموکراتیی و فرە حیزبی و ئازادی بۆ کەمایەتییەکانی دابینکردووە و بانگەشەی بۆ دەکات، بەمە تۆرانییەکان لە سلێمانی نەشو نمایان کردووە .لە ماوەیەکی کەمدا ئەنجامێکی باشیان بەدەست هێناوە .

ئەمڕۆ تورکمانە تۆرانییەکان لە سلێمانی ڕۆژنامە، ویستگەی ڕادیۆ، تەلەفیزیۆن، بارەگای

خۆڕێکخستن و مەشقی سەربازی، فێرگە و قوتابخانەی تورکییان هەیە، ئەو چالاکییەی ئەوان هەیانە، هیچ ڕێکخراو و حیزبێکی دیکە لە ژێر دەسەلاتی یەکێتیدا پێی نەدراوە .

لە قوتابخانە تورکمانیەکاندا هەموو بەیانییەک لە پاڵ ئالای شەکاوەی تورکیا و تورکمانستاندا قوتابییەکان سرود بۆ کۆماری تورکیا دەخوێنن. وێنەی پاڵەوانی مەزن (کەمال ئەتاتورک) ی کوردکوژە لە ژوور سەریانەوە بەرز ڕادەگرن. خوازیاری ئەوەن تورکیا خەونەکەیان بۆ بەدیبهێنێت ولایەتی موسڵ ڕامالێتە سەر تورکیای کەمالی .ئەگەر کوردیش دەسەلاتێکی سیاسی هەبێت، یەکسەر باسی یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەن. لە کۆبوونەوەی ئەم جارەی ئۆپێزیسێۆنی عێراقیدا کە تورکمانەکان بە کردار وەک نوێنەری تورکیا لە لەندەن هاوبەشیان تێدا کرد، ئەوان تاکە بەرەیەک بوون فیدرالییان بۆ کوردستان ڕەتکردەوە و داوای ئەوەیان کرد دوای نەمانی سەددام دەسەلاتداری نوێی بەغدا فەرمانڕەوایی ناوچە ڕزگارکراوەکان وەربگرێتەوە. ئەوان هەتا ڕازین دەسەلات و ڕژێمێکی وەک سەددام حوکمی عێراق وەربگرێتەوە و تورکمان هیچ مافێکی پێ نەدرێت بە مەرجێک کورد لە ناو عێراقدا مافێکی سیاسی و ڕۆشنبیری نەبێت. لەگەڵ ئەو هەموو سەربەستییەدا کورد لە هەریمی کوردستاندا بە تورکمانەکانیان داوە، ئەوان هەر ناڕازین و لە هیچ بۆنەیەکدا تەماشای دەسەلاتدارە کوردیەکان وەک حکومەتێک ناکەن و لە سەر یەکێتی خاکی عێراق و گەڕانەوەی دەسەلاتی مەرکەزی سوورن. ئەوان بەشایستی نازانن هەتا لە ناو سلێمانیدا حیزبێکی کوردی دەسەلاتێکی ئیداری و سیاسیی هەبێت. هەر کارێکیان بکەوێتە دەستگایەکی حکومییەوە، نایانەوێت ئاساییانە وەک هاولاتییەک کارەکانیان بۆ بەڕێ بکرێت. دەچنە بەردەم فەرمانبەرەکە و دەڵێن ئەگەر بۆمان بەڕێ ناکەیت لە مام جەلالەوە نامە دەهێنین. لێپرسراوەکانیان زوو زوو سەردانی مام جەلال دەکەن و کاری خۆیان لە ڕێگای ئەوەوە بەڕێ دەکەن .

تورکمانەکان سپڵەن، لەگەڵ ئەو هەموو مافەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردییەوە پێیان دراوە، تا بێت دوژمنکارێتییان زیدتر دەبێت. یەکێتی نیشتیمانیش وەک حیزبێک لە ترس و بڕیاری تاکە کەسێتی مام جەلال ناتوانێت هەلوێستێکی ستراتیژیانە لە بەرامبەر هەڵسوکەوتی تورکمانەکانەوە وەربگرێ و ڕق و کینی شارەکە بەرامبەر بەم لەشە نامۆیە بە کورد لە سلێمانیدا دیاری بکەن. خەڵکی پرتر و پرتر دەبن، ئەمەش کارێکی خراپی دەرونی کردۆتە سەر پەیوەندی نێوان ئاوەرەبووەکان و خەڵکی سلێمانی .

**********

ئێمە لە بەشی دووەمی ئەم باسەماندا ئەوەمان باسکرد، کە ئەو ئاوارەبووە کوردانەی ژێر دەسەلاتی حکومەتی عێراقی دەردەکرێن و، دێنە ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان، زۆربەیان لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوو و خێرخوازەکانەوە یارمەتی دەدرێن و شوێنی هەوانەوەیان بۆ دابین دەکرێن .ڕێکخراوە تورکمانییەکان پێش حیزبە کوردییەکان ئامادەباشی خۆیان نیشان دەدەن و بەهانای زۆربەی ئاوارەبووەکانانەوە دەچن، دەتوانین بڵێین، گەلێک لەو کەسانە لە بەر خاتری پارە و پێویستی تر هەر لە جێوە خۆیان بەو ڕێکخراوە تورکمانییانە دەفرۆشن . زۆربەی ئەوانەی کار لەگەڵ تۆرانییەکاندا دەکەن، بڕێ پارە بۆ کاری پاشەڕۆژیان وەردەگرن. ئەوانەی تاکسی و ماشینی جوان بۆ کارەکانیان بەکار دەهێنن زۆربەیان سەر بە تورکمانەکانن.

www.kurdistannet.org
16-2-2003 1:55

ئەمەش سیاسەتێکی نوێیی میتی تورکی و ڕێکخراوە تۆرانییەکانی ناو سلێمانی و هەولێرە. ، کە لە بەرامبەر مەرجێکی بچوکەوە یارمەتیی دەدرێن، ئەو شۆڤێرانە لە ناو تاکسییەکانیاندا بەردەوام دەبێت گۆرانی و ئاوازی تورکیی لێبدەن، یان ڕادیۆکانیان بخەنە سەر وێستگەی تورکیی. تۆرانییەکان زۆر لە دەسەڵاتدارە کوردییەکان بەتایبەتی یەکێتی نیشتیمانی دووربینتر و لێهاتووترن .هەموو توانایەکی ماددی و چالاکی خۆیان لەو بوارەدا خستۆتەگەڕ .
بۆ نمونەی ئەو کاتانەی تەلەفیزیۆن و وێستگەی تورکیی کراونەتەوە و، بەرنامەو گۆرانی خۆش پێشکەش دەکەن، ئەو کاتانەیە، کە زۆربەی وێستگە و کەناڵە تەلەفیزیۆنە کوردییەکان لە کارکردندا نین و پشوویانە، یان کار دەکەن بەڵام پرۆگرامێکی باش و سەرنجڕاکێش و گۆرانی خۆش لێنادەن. ئەوان لە سەر بەرنامەی ڕۆژی داهاتووی کەناڵە کوردییەکان کار دەکەن و بەرنامەیان بۆ بەیانی دادەنێن. کارمەندان و لێپرسراوانی کەناڵ و وێستگە کوردییەکان لەم بوارەدا، کەسانێکی بێتوانا و لێنەهاتوون، تێبینی باری سایکۆلۆژیی و شێوەی پرۆپاگەندە و ڕیکلامکردن ناکەن و ناشیزانن. بۆ نمونە لە ئەوروپا، بە تایبەتی لە سوید چەند وێستگە و کەناڵی تەلەفیزیۆنی هەن، هەر یەکەیان پێشبرکێی ئەوەیەتی تا بتوانێت سەرنجی زۆرترین گوێگر و بینەر بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، بەردەوام ئاماری ژمارەی میوانەکان دەکەن و بیر لە چەندین ڕێگا دەکەنەوە تا ژمارەیان زێد بکەن. بە یارمەتی میتی تورکی، تەنها تورکمانەکان لە کوردستاندا بەم مێتودەوە کار دەکەن .

**********

قوتابخانە و فێرگە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان، گەلێک کەموکوڕی و ناتەواویان تێدا هەن. پاش ئەو هەموو ماوە زۆرە و تا ئیستاش زۆربەی بەرنامەی خوێندن و کتێبەکان هەر ئەوانەن کە لە بەغدادەوە بۆیان دێن. حکومەتی هەرێمی کوردستان هێندەی پێویست بایەخ بە قوتابخانەکان نادات، زۆربەی بەرنامەی خوێندن هەمان دەستور و بەرنامەی حکومەتی عێراقین. بۆ نمونە ئەو کتێبانەی قوتابییەکانی نەوەی حکومەتی هەرێم وەریدەگرن لە یەکەم پەڕەیدا وێنەی) سەرکردەی فەرماندە سەددام حوسێن!) ی تێدایە. کە دەبوو هیچ نەبێت وێنەی ڕاستەقینەی ئەو دیکتاتۆرە خوێنڕێژە، نیشانی منداڵە خوێندکارەکان بدرایە .ئیستا لای نەوەکانی سەردەمی حوکمی هەرێم وێنەیەکی خەیاڵی سەددام لە مێشکی منداڵ و گەنجەکاندا درووست بووە، نە ڕقە و نە خۆشەویستی، ئەمە پاش چەند ساڵانێکی دیکە ڕەنگ دەدەنەوە و هەستێکی دەروونی خراپ بۆ نەوەکانی پاشەڕۆژ دروست دەکەن. تا ئیستاش زۆربەی خوێندنەکانی وەک پەروەردە و مێژوو و جوگرافیا هەر عەرەبین و فریان بە سەر کوردییەوە نییە، لە ماوەی ئەم دوانزە ساڵەدا دەبوو قوتابییەکان مێژووی کورد و جوگرافیای کوردستان و پەروەردەی کوردایەتی، ئەنفال و ڕاگواستنەوەیان بخوێندایە، کەچی حیزبە دەسەڵاتدارە کوردییەکان زێدتر لە بەعس خەم و مشوری عێراقچێتی و پاشەڕۆژی نەوەکانمان دەخۆن .بە پێچەوانەوە تورکمانەکان مێژوو و جوگرافیای تورکمانستان و ژیاننامەی کەمال ئەتاتورک و مێژووی عوسمانی و تورکیای نوێیان پێدەخوێنن و فێری گیانی تورکویستی دەکرێن .

جیاوازیی گرنگی دیکەی نێوان قوتابخانە تورکمانیی و کوردییەکان ئەوەیە، کە قوتابخانە تورکمانییەکان هیچ گیروگرفتێکیان لە بواری خزمەتگوزاری و بەڕێوەبردنەوە نییە، بۆ نمونە کەرەسەی پێویستی زستانە و هاوینە وەک زۆپا و پانکە. کاغەز، پێنووس، کتێب. ماوۆستای بە سەلیقە و) جددی لە وتنەوەی وانەکان) و دەوامکردنی ڕێکوپێکیان بۆ سازکراوە، پێویستییان بە

**حکومەتی هەرێم نییە. بەڵام لە فێرگە و قوتابخانە کوردییەکاندا بە زەقی ئەمانە هەست پێدەکرێن. سەرەنجامەکەشی لەوەدا ڕەنگ دەدەنەوە کە توانا و ئاستی ڕۆشنبیری قوتابییە کوردەکانی نەوەی هەرێم تا بێت بەرەو خوارتر دەچێت، بە پێچەوانەشەوە قوتابخانە تورکییەکان لە سەرو هەموویانەوە قوتابیانی) زانکۆی سەلاحەدین) کە بۆ مەبەستی بەتورککردنی کوردستان کراوەتەوە پلەی زانیاریی قوتابییەکانیان تیادا لە قوتابخانە کوردییەکانی دیکە تا بێت باشتر دەبێت، هەر ئەمەشە زۆر لە خێزانە کوردەکان منداڵەکانیان ڕەوانەی ئەو قوتابخانەیە دەکەن .**

*********

**کەمال جەمال موختار**
**کوردستانپۆست**
**سلێمانی** 2003/1/9
**ئۆپسالا- سوید** 2003/2/10 **(پیاداچوونەوە)**

**www. kurdistanpost. com**

(1) ناچاربووم ئەو وشەیە وەک خۆی بنووسمەوە، تا هەستی بێزاربوون و هەستی نارەزایی ڕۆژانەی خەڵکی سلێمانی کە لە دەمی سەدان کەس دێنە دەرێ، بخەمەڕوو.

**(2)** ئەمرۆ زۆربەی دەسەڵاتدار و لێپرسراوەکانی یەکێتی، خەریکی خانووبەرە و زەوی کڕین و فرۆشتنن. کەم تا زۆر دەڵاڵ و بەڵێندەرەکانیش پیاوی خۆیانن. بۆ بەڕێوەبردنی پرۆژە ئابوورییەکانیان هەر یەکە (پیاو) ێکی متمانە پێکراوی هەیە، کە سەرپەرشتی ماڵ و سامانەکانیان پێدەکەن. هەموو خەڵکی سلێمانی دەیان ناسن. ئەوانە بە ناوی (بانکی فلانە دەسەڵاتدار) یان بە (گیرفانی فیسارە لێپرسراو) بانگ دەکرێن، بۆ نموونە (فاروق مەلا مستەفا) کە من لە ساڵی 1973-1974 لە حاجی هۆمەران لە ڕێگای مامۆستا حسێن عارفەوە، وەک لێپرساو و کادێری باڵێکی کۆمیونیستەکان ناسیم. ئەو سامانێکی زۆر و موڵکێکی بێشوماری لە سلێمانیدا پێکەوە ناوە، پێشتر بەهۆی کاری سیاسیی و خەمی پرۆلیتاریاوە ئەوەی بۆ نەلوابوو. زۆر کەس دەست بۆ خانووبەرە، گەراج، هوتێل، نووسینگە، تەلاری نوێی هەڵچنراو و (کۆمپانیای موبایلی ئاسیا) ی ئەو ڕادەکێشن کە ئەمرۆ ئەو خاوەنیانە. ئەو ئیستا لە هەر شوێنێک دەردەکەوێت دەڵێن ئەوە گیرفانەکەی مامە هات.

**بەشی** ( 1، 2) **ی ئەم باسە**

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربرینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.......... 2003-1-15